**ووتەی هەفتانە**

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارەی تەلەفۆنی (5667) خۆڕایی دابین کردوە بۆ ئەوەی ببێت بە هێڵێکی راستەوخۆ نێوان کۆمیسیۆن و دەنگدەرەکان بۆ ئەوانەی ویستیان هەیە زانیاری وەرگرن دەربارەی پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی بایۆمیتری ، هەروەها بۆ پرسیارکردن لە سەر ئەو کێشە وبەربەستانەی رووبەروو هەردوو پرۆسەکە دەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنیان .**

**هەروەها لەهەمان باریەوە ، وبە سەرپەرشتی وبەدواداچوونەوە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمیسیارانەوە لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ولە رێگای لیژنەی بەدواداچوونەوەی مەیدانی ، هەموو ناوەندەکان سەر بە ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان بەردەوامن لە پێشوازیکردنی دەنگدەران بۆ تۆمارکردنی ئەو دەنگدەرانەی کەوا پێشتر تۆماری بایۆمتریان ئەنجام نەداوە وهەروەها لەدایکبووانی (2004) ، کۆمیسیۆن (257،881) دەنگدەری تۆمار کرد و بەردەوامە لە دابەشکردنی کارتی دەنگدەرانی بایۆمەتری لە رێگای ناوەندە لاوەکێکانەوە لە قەزا وناحیەکانی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان هەوەها بەرێکردنی تیمی گەرۆك ، و دابەشکردنی کارتەکانی دەنگدانی گشتی گەیشتوەتە (52،830) کارت ، ودەنگدانی تایبەت گەیشتوەتە (349،506) کارت ، هەوەها بەبۆنەی کارتی ئاوارەکان وراگوێزراوان گەیشتوەتە (34،915) کارت ، و هەردوو پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت بە ئامادەبوونی (1231) چاودێری خۆماڵی و (172) بریکاری حزبی سیاسی ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵبەری ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن** https://ihec.iq/biometric-registration **بۆ بینینی رێژەگشتیەکانی پرۆسەکان بۆ هەردوو پرۆسەکە تۆمارکردن ودابەشکردنی بایۆمەتری .**

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە رێگای بازنە وبەشە تایبەتەکانی لە نووسینگەی نیشتیمانی ونوسینگەی پارێزگا هەڵبژاردنەکان ، چەندین نەدوەی رۆشنبیری ئەنجامداوە لە دەزگاکانی ولاتی جیاواز ، بۆ هاندانی دەنگدەران بۆ ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری و وەرگرتنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری ، جگە لە بڵاوکردنەوەی نامەی راگەیاند لە رێگای چەندین ئامارەی راگەیاندنی خۆماڵیەوە لە پارێزگاکان ، جگە لە کابینەکانی راگەیاندنی دیکە بۆ روونکردنەوەی رێکارەکانیان دەربارەی تۆمارکردنی دەنگدەرانی بایۆمەتری وداواکردن لە ئەو دەنگدەرانەی پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجامداوە بۆ وەرگرتنی کارتی دەنگدەرانیان .**

**هەروەها کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات لە رێگای تیمی تایبەت کەوا دابەشکراوە لە هەموو پارێزگاکان هەڵبژاردنەکان بۆ پێگەیشتنی ئافرەتان لە باری سیاسیەوە ، بە هاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە ، لە رێگای ئەنجامدانی چەند وورکشۆپێکی تەدریبیەوە بۆ گەشەکردنیان لە بواری هەڵبژاردنەکان و پێگەیشتنی ئافرەتان لە بواری سیاسی وهەڵبژاردنەوە بۆ گەیشتن بە یەکسانی جەندەر بۆ گەیشتن بە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوو رەگەز ، وهەستان بە باردووەدۆخی ئافرەتان وبەشداریکردنی کارا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو .**

**له لایەنێکی ترەوە ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە بەدواداچوونەوە وچاودێریکردنی بنکەکانی حزبەکان لە ڕێگای بازنەی کاروباری حزبەکان وڕێکخراوە سیاسیەکان ، هەروەها هۆبەکانی کاروباری حزب وکاندیدەکانی تایبەت بە پارێزگای هەڵبژاردنەکان ، کەوا لیژنە تایبەتەکانیان کاردەکات بەچاودێری مەیدانی لە ڕێگەی سەردانی مەیدانی بنکەکانی حزبە سیاسیەکان و ووردبینی کردنی میکانزمی کردنەوە وداخستنی بنکەکان بە پشتبەستن بە سیستم وزانیاریەکان تایبەت بە ئەم بابەت .**

**هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە کارکردن لە سەر گەڕاندنەوەی بڕی پارەی بارمتەی دارایی تایبەت بە کاندیدە براوەکان هەوەها جێگیرەکان ، بە پێی ئەو بریارانەی کەوا دەرچوە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمیسیارانەوە تایبەت بە ئەم بابەتە ، هەروەها لە ڕێگای بەشی کاروباری کاندیدەکان لە نووسینگەی نیشتیمانیەوە کاردەکرێت لەسەر بەدواداچوونەوەی ئەوی هاتووە لە دەستەی نیشتیمانی باڵای ڕاپرسی ویەکسانیەوە دەربارەی کاندیدەکان وهەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی 2005 وە.**

**لە بارەیەکی ترەوە ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەرێگای بەش وهۆبە تایبەتەکانیەوە بەردەوامە لە پرۆسەی ڕێکخستنی ئەمنی بۆ پاراستنی شوێن وگۆگا وناوەندە دابەشکراوەکانی لە چوارچێوەی عیراق ، سەرەرای بەردەوامبوون لە ڕێکخستن لە نێوان لیژنەی تەندرووستی وخۆپاراستن وبەڕێوبەرایەتیەکانی بەرگری مەدەنی بۆ پشکنینی ڕێکخراوەکانی ئاگرکوژێنەوە وبەشێوەیەکی بەردەوام بۆ دابینکردنی لایەنە تەندرووستیەکان وبەرگری بۆ مسۆگرکردنی پاراستنی ئامێر وکەلوبەلەکان نوسینگەکان وکۆگاکان بۆ هەموو دەزگاکانی هەڵبژاردنەکان .**

**ووتەبێژی ڕاگەیاندن**